# دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی سلێمانی" پێکهات !

ئەمرۆ ئێوارە لە "پارکی ئازادی" لەشاری سلێمانی کۆبونەوەیەکی فراوانی جەماوەری رێکخرا، کە تیایدا 500کەس بەشداریکردبوو. ئەم کۆبونەوە جەماوەرییە بە مەبەستی تاووتوێکردنی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم خەڵکی شاری سلێمانی و هەروەها چۆنیەتی رێکخستنی ناڕەزایەتی خەڵکی ئەمشارە لەپێناو بەدەستهێنانی داواکانیاندا، ڕیکخرا. ئەم کۆبونەوەیە لە بریارەکانی خۆیدا دەستەیەکی هەڵبژێردراوی پێك هێنا بە نیوی "دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی سلێمانی" کە لە 34 کەس پێکهاتوەو، هەروەها بڕیارە سبەینێ ئەم دەستەیە کۆببێتەوەو لیژنەیەك پێك بهێنێت بۆ بەدواداچونی داخوازییەکانی خەڵکی سلێمانی و سەردانیکردنی بەرپرسەکانی شاری سلێمانی و تەرحکردنی داواکارییەکانی خەڵکی شار .... مەنشوری خواستەکانی ئەم دەستەیە کە بە کۆی دەنگ قبولکرا بریتیـیە لە دابینکردنی خواستەکانی کارەباو ئاوو سوتەمەنی و بنەبرکردنی گەندەڵی و هەروەها بەرەسمیەت ناسینی ئازادییەکان و لەوانە ئازادی ڕادەربرین و هەروەها خواستی دابینکردنی خانوو.....

شایانی باسە بوترێت کە لەم کۆبونەوەیەدا چەندین کەسایەتی رۆشنبیرو ژورنالست و ڕابەرانی بزوتنەوەی جەماوەری بەشداریان تێدا کرد کە تیایدا هەریەك لە ریبین تەها وەك نوێنەری خەڵکی شاری کەلارو ئازاد ئەحمەد وەك نوینەری خەڵکی رانیە لە ووتەیەکدا هاوپشتی خۆیان راگەیاند بۆ داواکاری خواستەکانی "دەستەی داکۆکی و.." هیوای سەرکەوتنی کارەکانیان بۆ خواستن.

ڕیکخراوی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2005/9/17